ئەمیری قەتەر و سەرۆکی ئەمریکا رێککەوتنی ئابووری و بازرگانی واژۆ دەکەن

ئەمیری قەتەر لە دەوحە پێشوازی لە سەرۆکی ئەمریکا کرد و رێککەوتنی ئابووری و بازرگانیان واژۆکرد و دوای رێککەوتنەکە ترەمپ وتی، هێزی ئاسمانی قەتەریی داوای کڕینی زیاتر لە ١٦٠ فڕۆکەی لە کەمپانیای بۆینگ کردووە.

ئەمە چوارشەمە ١٤ـی ئایاری ٢٠٢٥، تەمیم بن حەمەد ئال سانی، ئەمیری قەتەر لە دەوحە پێشوازی لە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا کرد، دوای رێککەوتنە بازرگانی و ئابوورییەکەیان ترەمپ دەڵێت، قەتەر چەکی زۆریان لێدەکڕێت.

ئاماژەی بۆشکرد، پرسی ئێران و ئۆکرانیا و پرسە بازرگانییەکانیشان تاوتوێ کرد.

باسی لێوەشکرد، قەتەر گەورەترین گرێبەستی لەگەڵ بۆینگ کردووە، کە بەهاکەی ٢٠٠ ملیار دۆلارە و

گەورەترین خواستە لە مێژووی کەمپانیاکەدا.

لای خۆشیەوە کەشکی سپی رایگەیاند، بە بەدەستهێنانی ئاوگەڵی ئابووری، ئەمە سەرۆکی ئەمریکا بڕبڕەهای زیاتر لە ١.٢ تریلیۆن دۆلار رێککەوتنی لەگەڵ قەتەر واژۆکردوە.

لای خەشیەو، ئەمیری قەتەر وتی، لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا زەر چوونەتە پەشەو و کەبوونەوەیەکی باشیان لەگەڵ ترەمپ ئەنجامداوە.